سەید حەکیم: پەیوەندی بە گەلی کوردستان و باسکردنی تێکۆشانی هاوبەش یەکێزی نیشتمانی تێکمە دەکات.



لەمیوانخانەی شێخ ڕەسوول چەمانی لە پارێزگای هەولێر، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەزە نیشمانییەکانی دووبارە چاوی بە کەمەرێك شێخ و پیاوە دیارەکانی هەزی چەمانی کەوت، لوم دیدارە سماحەتی سوپاسی باشی پێشوازیکردنی لێکردن و ڕوونیشیکردنەوە کە ئامانج لێو سەردانە بردەوامی پەیوەندییە لەگەڵ کوردستان و وەبیرهێناوەی مێژووی تێکۆشانی درێژە بەرامبەر ڕژیمی دیکاتێری و بنیاتنانی ئەزموونی تازەی عێراق.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە یەکێزیی عێراق گرنگێ بە تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی وەک هەکاری ئەمنی و هەکاری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە و لەگەڵ هەکاری کەمەڵایەتی، سەماحەتی ئابووریی بە گرنگترین ركابەری زانی کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، داوای وەبەرهێنانی دروستی کرد و متمانەی خەڵی دەربڕی کە عێراق ئەم تەحەدایە ئابووریییە تێدەپەڕێنێت. بەڕێز حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە عێراق کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکە بووە، بەڵام عێراق لەم قۆناغەدا دەردەچێت، جەختیشی لەوە کردەوە کە سەردان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا متمانە لە نێوان خێڵکی هەمان وڵات بەهێزترە. هەروەها بەڕێزیان جەختی لە پێویستی کۆتاییهێنان بە دووبارەتی کرچی و تاك داهات کردەوە و داوای چالاککردنی ئەو پێنج کۆرتەی کرد کە کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە نوێنەرایەتیان دەکەن، هەروەها تەرخانکردنی داهاتی نەوت بە ژێرخانی ئابووری و بە سوودی نەوەکانی داهاتوو